# سوترەی نوێژکەر
# حوکم وئادابەکانی لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەری خوادا( صلی اللّه علیه وسلم)

**بەشی دووەم**


**م/ عدنان بارام**

**بەکالوریوس لە زمانی عەرەبی**


### ئەگەر یەکێك ویستی بە نێوان نوێژکەر و سوترەکەیدا تێپەڕ بێت،نوێژکەر چی دەکات؟

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو:

" لا تصل إلا إلى سترة، ولا تدع أحـدا يمر بين يديك، فإن أبـى فلتقاتله؛ فإن معه القرين" [٤١].

واتــە: نوێــژ مەکــە ئــیللا ڕووەو بەربەستێك نەبێ، ڕێگەش بە کەس مەدە بە بەردەستدا تێپەڕێت، ئەگەر هەر سوور بــوو لــە ســەر ڕۆیشــتن ئــەوا لــە گەڵیــدا بجەنگێ، چونکە شەیتانی لەگەڵدایە .

**هەروەها دەیفەرموو:**

" إذا صلى أحدكم إلى سترة؛ فليدن منها، لا يقطعن الشيطان عليه صلاته " [٤٢] .

واتــە: ئەگــەر یــەکێك لــە ئێــوە ڕووەو بەربەســتێك نوێــژی کــرد، بــا لێ ی نزیــك بێتەوە، نــەوەکو شــەیتان نوێژەکــەی پــێ ببڕێت.

وە دەیفەرموو: " إذا صـلى أحـدكم إلى شيء يستره من الناس فأراد أحد أن يجتـاز بين يديه فليدفع في نحره [وليدرأ ما استطاع] وە لە ڕیوایەتێکی تـردا هـاتووە: [ فليمنعه مرتين] لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتووە: فإن أبى فليقاتله فإنما هو شيطان " [٤٣].

---

(٤١) قال العلامة الألباني: رواه ابن خزيمة في " صحيحه " ( ١ / ٩٣ / ١ ) بسند جيد .

( ٤٢ ) قال العلامة الألباني:رواه أبو داود و البزار( ص ٥٤ ـ زوائده ) والحاكم وصححه ووافقه الذهبي والنووي .

(٤٣) صحيح البخاري (باب يرد المصلي من مر بين يديه) وصحيح مسلم (باب منع الإشارة بين يدي المصلي) رقـم: (٥٠٥) .

واتە: ئەگەر هەریەك لە ئێوە نوێژی ڕووەو بەربەستێك دەكرد ڕێگربوو لە هاتووچۆی خەڵكی بەبەردەستیدا، وە كەسێك ویستی بە بەردەستیدا تێپەڕ ببێ، با دەست بنێت بەسینگییەوە، { وەتا دەتوانێ دووری بكاتەوە} لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە: با ڕێی لێ بگرێت دوو جار، ئەگەر هەر سوور بوو لە سەر ڕۆیشتن با لە گەڵیدا بجەنگێ، چونكە ئەوە شەیتانە .

پێشەوا ( **الحافظ ابن حجر** ) فەرموویەتی: " ئەو ووتەیەی كە پێغەمبەر ﷺ كە فەرموویەتی:

" فإنما هو شيطان " واتە: فعله فعل الشيطان، لأنه أبى إلا التشويش على المصلي، وإطلاق الشيطان على المار من الأنس سائغ شائع، وقد جاء في القرآن قوله تعالى: ﴿شياطِين الإِنسِ والْجِن﴾ [سورة الأنعام: ١١٢]، وقال ابن بطال: في هذا الحديث جواز إطلاق لفظ الشيطان على من يفتن في الدين، وأن الحكم للمعاني دون الأسماء، لاستحالة أن يصير الإشارة شيطانا، بمجرد مروره انتهى " (٤٤).

( **أبو صالح السمان**) دەفەرموێت: لە كاتێكدا من لەگەڵ (**أبو سعيد**) دا بووم ﷺ خەریكی نوێژكردن بوو لە ڕۆژی هەینی، ڕووەو شتێك كە دەیپاراست لە ڕۆیشتنی خەڵك بە پێشیدا، لەو كاتەدا لاوێك لە خێڵی ( **أبو معيط**) ویستی بە پێش نوێژەكەیدا بڕوات، بەڵام (**أبو سعيد**) رضي الله عنه پاڵی نا بە سینگییەوە، لاوەكەش شوێنی تری نەبوو جگە لەو ڕێگەیە نەبێت، بۆیە جارێكی تر گەڕایەوە، ئەویش جارێكی تر و توندتر پاڵی نا بە سینگییەوە، لە جاری یەكەم توندتر بوو، ئەویش بێ تاقەت بوو لە (**أبو سعيد**) رضي الله عنه، پاشان ڕۆیشتە ناو قەڵەباڵەغی خەڵكەكە، و ڕۆیشتە دەرەوە، و چوە لای ( **مروان** ) و گلەیی ئەو ڕووداوەی كرد لە لای، و لەو كاتەدا (**أبو سعيد**)یش رضي الله عنه ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ لای (**مروان**)، (**مروان**) پێی ووت: ئەوە چیت بوو لە گەڵ برازاكەتدا، هاتبوو گلەیی لێ دەكردیت؟

( **أبو سعيد** ) یش رضي الله عنه فەرمووی: بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی:

" إذا صلى أحدكم إلى شيء يستره من الناس، فأراد أحد أن يجتاز بين يديه، فليدفع في نحره، فإن أبي فليقاتله، فإنما هو شيطان " (٤٥) .

---

(٤٤) فتح الباري: ( ١ /٥٨٤ ) .

( ٤٥) صحيح البخاري (باب يرد المصلي من مر بين يديه) رقم: (٤٨٧)، وصحيح مسلم (باب منع الإشارة بين يدي المصلي) رقم: (٥٠٥).

واته: ئەگەر هەریەك لە ئێوە نوێژی ڕووەو بەربەستێك دەكرد ڕێگربوو لە هاتووچۆی خەڵكی بەبەردەستیدا، وە كەسێك ویستی بە بەردەستیدا تێپەڕ ببێ، با دەست بنێت بەسینگی یەوە، تا دەتوانێ دووری بكاتەوە، ئەگەر هەر سوور بوو لە سەر ڕۆیشتن با لە گەڵیدا بجەنگێ، چونكە ئەوە شەیتانە .

كەواتە: لە كۆی هەموو ئەو فەرموودانەی سەرەوە كە باسكرا ئەوە ئاشكرا دەبێت، پێویستە لەسەر نوێژكەر، كە ڕووە و سوترەیەك نوێژی كرد پێویستە ڕێ نەدات بە هیچ كەسێك بە پێشیدا تێپەڕ ببێت .

## ڕێگرتن لە ڕۆیشتنی منداڵ بە نێوان سوترە و نوێژکەردا :

كەسێك پرسیار دەكات لە ( **دەستەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوە زانستی یەكان و فەتوا**) سەبارەت تێپەڕبوونی منداڵ بە پێش نوێژەكەیدا:

**پرسیار:** چەند كچە زایەكم هەیە، هەموویان منداڵی بچووكن و تەمەنیان لە پێنج ساڵ تێناپەڕێت، لە كاتی نوێژدا بە پێش نوێژەكەمدا تێپەڕ دەبن، نوێژەكەم پێ دەبڕن، زۆر جار ئەوە ئەنجام دەدەن، نەیشم توانیوە بیانگەڕێنمەوە، لە كاتێكدا لە نوێژدا بووم، ئایا هیچ تاوانێكم لە سەرە؟

**وەڵام:** هەوڵی ئەوە بدە ڕێیان لێ بگریت لەوەی كە بە نێوان خۆت و سوترەكەتدا تێپەڕ ببن، بەڵام ئەگەر نەتوانیت ڕێیان لێ بگریت، و تێپەڕبوون، ئەوا هیچت لە سەر نییە، چونكە جگە لە: ئافرەتی باڵغ بوو، و گوێدرێژ، و سەگ، هیچ شتێك نوێژ نابڕێت، ئەگەر بە نێوان نوێژكەر و سوترەكەیدا، یان نزیك لە نوێژكەردا بڕۆن، لە كاتێكدا سوترەی دانەنابێت، و لە مەودای سێ باڵ، یان كەمتردا بڕوات، ئەوەش لە بەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی: " إذا صلى أحدكم إلى شيء، يستره من الناس، فأراد أحد أن يجتاز بين يديه، فليدفعه، فإن أبى فليقاتله؛ فإنه شيطان "، سەركەوتنیش تەنها بە دەستی پەروەردگارەو صەڵات و سەلامیش لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ، و ئەهل و بەیت، و یار و یاوەرانی بێت [٤٦].

## تەنانەت ڕێگە نادرێت بە مەڕو بزنیش بە نێوان سوترە و نوێژکەردا تێپەڕ ببێت :

وە " كان ﷺ لا يدع شيئا يمر بينه وبين السترة، فقد كان يصلي، إذ جاءت

(٤٦) موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين الفتوى رقم: (٩٢٢٦).

شاة تسعى بين يديه، فساعاها حتى ألـزق بطنه بالحائط، [ ومرت من ورائه ] "(٤٧) .

واته: پێغەمبەری خوا ﷺ: ڕێی بە هیچ نەدەدا بەبەینی ئەو و بەربەستەکەیدا تێپەر ببێ، جارێکیان " پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد، شەکێك ویستی بە بەردەستیدا تێپەر ببێ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ دەست پێش خەردەبوو (سـابقها)، بە شێوەیەك سکی بە دیوارەکەوە لکاند و، { وای لێ کرد بە پشتیدا تێپەر ببێ } .

وە جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ : لە نوێژێك لە نوێژە فەرزەکانیدا بوو دەستی بردە پێشەوە و کێشایەوە، پاشان کە لێ بووەوە، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ لە نوێژ گۆڕا؟ فەرمووی: " لا، إلا أن الشيطان أراد أن يمر بين يدي، فخنقته حتى وجدت برد لسـانه على يدي، وأيم الله لولا ما سبقني إليه أخي سليمان، لارتبط إلى سارية مـن سـواري المسجد؛ حتى يطيف به ولدان أهل المدينـة، [فمن استطاع أن لا يحول بينه وبين القبلـة أحد، فليفعل] " (٤٨).

واتە: نەخێر، ئەوە نەبێ شەیتان ویستی بە بەردەستمدا بڕوات، منیش چنگم لە ناقیڕەی نا تاوەکو ساردی زمانیم لە سەر دەستم هەست پێکرد، سوێندبێ بە خوا ئەگەر پاڕانەوەی پێغەمبەر (سليمان )ی برام نەبوایە کە پێش من لە خوا پاڕایەوە، دەبەسترایەوە بە کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی مزگەوت، تاوەکو منداڵەکانی مەدینە بەدەوریدا بسووڕایانەوە، [ بۆیە هەرکەس لە ئێوە توانی نەهێڵێت کەس بە بەینی ئەو و قیبلەکەیدا بڕوات، با ئەو کارە ئەنجام بدات ] .

## چ کاتێك نوێژکەر ڕێگر نابێت لە ڕۆیشتنی کەسێك بە پێشیدا ؟

نوێژکەر ڕێگر نابێت لە ڕۆیشتنی کەسێك بە پێشیدا، **ئەگەر تێپەڕبوونەکە بەو دیوی سوترەکەیدا بوو**: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " إذا وضع أحكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل فليصل ولا يبالي من مر وراء ذلك" (٤٩) .

واتە: ئەگەر هەریەك لە ئێوە وەکو ئەو دارەی لەبەردەستدا بێ کە لەدواوەوەی زینی وڵاخدا هەیە، ئەوا با نوێژەکەی بکات و هیچ باکێکی نەبێ بەو

(٤٧) قال العلامة الألباني: (رواه ابن خزيمة في "صحيحه" (١ / ٩٥ / ١)، والطـبراني (٣ / ١٤٠ / ٣) والحـاكم وصححه ووافقه الذهبي) .

(٤٨) قال العلامة الألباني: (رواه أحمد والدارقطني والطبراني بسند صحيح، وهذا الحديث قد ورد معناه في " الصحيحين " وغيرهما عن جمع من الصحابة ﷺ ) .

( ٤٩) صـحيح مسـلم (بـاب سـترة المصـلي رقم: (٤٩٩).

كەسانەی كە بەودیوی بەربەستەكەدا دەڕۆن .

وە **(عون بن أبي جحيفة)** دەگێڕێتەوە كە لە باوكی یەوە بیستوویەتی دەفەرمووێت: ڕۆژێكیان لە گەرمەی نیوەڕۆدا بوو پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لامان، و ئاوی دەست نوێژیان بۆ هێنا، و ئەویش دەست نوێژی شوشت، و نوێژی نیوەڕۆ و عەسری پێكردین، لە پێش دەستیدا دارێك چەقێنرابوو بە زەویدا، ئافرەت و گوێ درێژیش بەو دیوی سوترەكەیدا دەڕۆیشتن (٥٠).

لە كۆی ئەم فەرمودانەوە بۆمان ئاشكرا دەبێت كە ئەگەر كەسێك ویستی بە نێوان نوێژكەر و سوترەكەی دا بڕوات، ئەوا پێویستە ڕێی لێ بگرێت تا دەتوانێت، بەلام ئەگەر بەو دیوی سوترەكەیدا ڕۆیشت، هیچی بەرامبەر ئەنجام نادات، و هیچیشی لەسەر نییە با لەو شتانەش بن، كە ئەگەر بە نێوان نوێژكەر و سوترەكەی دا بڕۆن نوێژەكەی بەتاڵ دەكەنەوە.

**فەرموودەی كێشانی هێڵ ( خط ) بۆ سوترە ( ضعيف ) ەو نابێت بە بەڵگە :**

ئایا دەكرێت نوێژكەر لە جیاتی سوترە هێڵێك لە بەردەستی بكێشێت بۆ ئەوەی ببێت بە سوترە، و ڕێگر بێت لە هاتوو چۆی خەڵك بە پێشیدا ؟

لە وەلامدا دەوترێت: ئەو فەرموودەیەی كە ( **أبو هريرة** ) ﷺ دەیگێڕێتەوە سەبارەت بە كێشانی هێڵ لە جیاتی سوترە، و دەقەكەی بەم شێوەیەیە:

عن أبي هريرة ﷺ قال: قال رسول الله ﷺ:"إذا صلى أحدكم، فليجعل تلقاء وجهه شيئا، فلينصب عصا، فإن لم يكن معه عصا، فليخط خطا، ثم لا يضره ما مر بين يديه".

واتە: ئەگەر یەكێك لە ئێوە نوێژی ئەنجام دا، با لە پێش خۆی شتێك دابنێت بە سوترە، با پارچە دارێك بە زەویدا بچەقێنێت، ئەگەر پارچە داری پێ نەبوو، با هێڵێك بكێشێت، ئەوەش كە بەو دیوی سوترەكەدا بڕوات، هیچ زیانێك بە ئەو ناگەیەنێت .

فەرموودەناسان ئەم فەرموودەیەیان بە فەرموودەیەكی (ضعيف) داناوە، لە زانایانی پێشین: (سفيان بن عيينة)، و(الشافعي)، و (البغوي)، و(الدارقطني)، و(مالك)، و لە دواییینەكانیش (المتأخرين) كە ئەم فەرموودەیەی بە (ضعيف) داناوە: (ابن الصلاح)، و(النووي)، و(العراقي) (الحافظ ) ـ بە ڕەحمەت بن ـ ئەوەش لە بەر دوو هۆكار:

یەكەم: (**الاضطراب**) .

دووەم: (**الجهالة**) .

(٥٠) صحيح البخاري (باب الصلاة إلى العنزة) رقم: (٤٧٧) .

وە زانایانی فەرموودەناس (العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني) و (العلامة الشيخ مقبل بن الهادي الوادعي) ـ بە ڕەحمەت بن ـ بە (**ضعيف**) یان زانیوە .

بۆ نموونە شێخی (**الألباني**) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە (سنن ابن ماجه)دا: بە ژمارەی: (٩٤٣) بە ( **ضعيف** )ی زانیوە، شێخ (**مقبل**) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە (تحفة المجيب على أسئلة الحاضر والغريب: أسئلة إخوة من أمريكا، پرسیاری: ١٢١) پرسیاری ئەو فەرموودەیەی لێ دەکرێت، ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت: " وأما حديث الخط فهو ضعيف ... " .

واتە: سەبارەت بە فەرموودەی هێڵەکە فەرموودەیەکی ( **ضعيف** ) ە .

وە شێخی (**الألباني**) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە (تمام المنة في التعليق على فقه السنة) هەندێك بە فراوانی باسی لە (**ضعيف**) ی ئەم فەرموودەیە کردووە[٥١] .

کەواتە: نابێت هێڵ بکرێت بە سوترە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو فەرموودەیەی باسی کێشانی هێڵ دەکات فەرموودەیەکی ( **ضعيف** ) ە، و ( **ضعيف** ) یش نابێت بە بەڵگە بۆ هیچ گوفتار و کردارێك .

## چی ڕەوا نییە بکرێت بە سوترە ؟

(٥١) بڕوانە: " تمام المنة " ل ٣٠٠ - ٣٠٢ ) .

ڕەوا نییە گۆڕ بکرێت بە سوترە لە کاتی نوێژ کردندا، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە نوێژ کردن ڕووەو گۆڕ، و دەیفەرموو: " لا تصلوا إلى القبور ولا تجلسوا عليها " [٥٢] .

واتە: ڕووەو گۆڕ نوێژ مەکەن، و لە سەریشیان دامەنیشن .

## چی نوێژ دەبڕێت، و دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی ئەگەر بە نێوان بەربەست و نوێژکەردا بڕوات ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەو شتانەی کە دەبنە هۆی بەتاڵ کردنەوەی نوێژی نوێژکەر، ئەگەر بە نێوان نوێژکەر و سوترەکەیدا بڕۆن، دەیفەرموو:

" يقطع صلاة الرجل، إذا لم يكن بين يديه كآخرة الرحل: المرأة [ الحائض ]، والحمار، والكلب الأسود " [٥٣] .

واتە: ئەوەی کە نوێژ بە نوێژکەر دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە ـ ئەگەر وەکو پاشکۆی زینی وڵاخ لەبەر دەستیدا نەبێت ـ ئافرەتی باڵغ بوو، و گوێ درێژ، و سەگی ڕەش، (**أبو ذر**) رضي الله عنه: فەرمووی:

( ٥٢) رواه مسلم، وأبو داود، وابن خزيمة (١/ ٩٥ / ٢)، وە بڕوانە کتێبی " تحذير الساجد من اتخاذ القبور مساجد " و " أحكام الجنائز وبدعها " کە هەردوکیان لە نووسینی زانایانی فەرموودەناس (العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ) ین ـ رحمه الله ـ .

( ٥٣ ) صحيح مسلم (باب قدر ما يستر المصلي) رقم: (٥١٠) و (٥١١) .

ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ چ جیـاوازی یەکیان هەیە ڕەش بێ یان سوور؟ ئەویش فەرمووی: " الكلب الأسود: شيطان " .

واتە: چونکە سەگی ڕەش شەیتانە.

زانـای فـەرموودەناس ( الشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألبـاني ) فەرموویـەتی: مەبەست لێرەدا بـە ووشـەی ( القطـع ): پوچەڵکردنەوەیە

( بڕوانە: صفة صلاة النبي ﷺ ) .

پرسـیار کـرا لـە شـێخ (**محمـد بـن إبراهيم آل الشيخ**)، کە: ئایا ڕۆیشـتن بـە پێش نوێژکەردا نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە؟

ئەویش لە وەڵامـدا فـەرمووی: ( نوێـژ پووچـــەڵ و بـــەتاڵ دەبێتـــەوە بـــە تێپـەڕبوونی: ئـافرەت، و گـوێ درێـژ، و سەگی ڕەش، ئەگەر نوێژکـەر پـێش نوێـژ بێت، یان تەنها، لە نوێژی فەرز بێت، یـان لە نوێژی سوننەت دا، و یەکێك لەو شتانە بـە نێـوان خـۆی و سـوترەکەیدا بـڕوات، ئەگـــەر ســـوترەی هـــەبێت، یـــان بـــە بەردەسـتیدا و نزیـك لێـیەوە بـڕوات، لـە مەودای سێ باڵ لـە پێکانیـیەوە، ئەگـەر ســـوترەی نـــەبێت ... ڕووکەشـــی فەرموودەکـــە، ئـــەوە دەگەیـــەنێت کـــە مەبەست لە ووشەی (**القطع**) ئەوەیـە کـە نوێژەکە پوچەڵ و بەتاڵ دەکاتەوە)[٥٤].

جگـە لـەم سـێ شـتەش نوێـژ بـەتاڵ ناکاتەوە ئەگەر تێپەڕ ببێت، بەڵام نابێت بـە نێـوان نوێژکـەر و سـوترەکەیدا تێپـەڕ ببێت، ئەگەر سوترەی هەبێت .

## ئافرەت ئەگەر خەوتبێت لە پێش نوێژی مێردەکەی، دەتوانێت بیکات بە سوترە:

ڕەنگە هەندێك لە خوێنەران بڵێن: لـە هەنـدێك لـە فـەرموودەکانی پێغەمبـەری خوادا ﷺ هاتووە کـە ئـافرەتی بـاڵغ بـوو ئەگەر بە پێش نوێژکەردا بڕوات، نوێژەکە بـەتاڵ دەکاتــەوە، لـەو لاشــەوە دایکـە (عائشة) (خوای لێ ڕازی بێت)دەفەرموێت: لەبەر دەستی دا خـەوتووە و پێغەمبـەری خـــواش ﷺ ڕووی لێ دەکـــرد ! ! چـــۆن بتوانین لەم دوو فەرموودەیە تێبگەین؟

لە وەڵامی ئەم پرسـیارە دەووترێـت: ڕاستە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەو شتانەی کە دەبنە هۆی بەتاڵ کردنـەوەی نوێژی نوێژکەر، ئەگەر بە نێـوان نوێژکـەر و سوترەکەیدا بڕۆن، دەیفـەرموو: " يقطع صلاة الرجل، إذا لم يكن بين يديه كـ آخرة الرحل: المرأة [ الحائض ]، ... "[٥٥].

واتـە: ئـەوەی کـە نویـژ بـە نوێژکـەر دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە ـ ئەگەر وەکو پاشـکۆی زینـی وڵاخ لـە بـەر دەسـتیدا نەبێت ـ ئافرەتی باڵغ بوو،...

(٥٤) موسوعة فتاوى ورسائل الشيخ محمد ابن إبراهيم .

(٥٥) صحيح مسلم (باب قـدر مـا يسـتر المصـلي) رقم: (٥١٠) .

وە جاری وایش هەبوو ـ هەروەکو لە (**البخاري**)، و (**مسلم**) دا هاتووە – پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووەو جێگە خەوتنەکەی (**عائشة**) (خوای لێ ڕازی بێت) نوێژی دەکرد، و (**عائشة**)ش(خوای لێ ڕازی بێت) بەسەریەوە لە ژێر لێفەکەی دا ڕاکشابوو.

بەڵام ئەگەر بە ووردی بڕوانرێنە هەردوو فەرموودەکە، دەبینرێت کە دوو باری جیاوازن، یەکەمیان: باس لەوە دەکات کە ئەگەر ئافرەتی باڵغ بوو، بە بەر دەستی نوێژکەردا بڕوات نوێژەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، کەچی دووەمیان: باس لەوە دەکات کە خودی ئافرەتەکە ـ لە باری خەوتنیدا ـ بکرێت بە سوترە، ئاشکراشە ئەمە وەکو ئەوە نییە کە بەر دەستیدا تێپەڕ ببێت، بەڵکو هەریەکەیان حوکمێکی تایبەتی خۆی هەیە، یەکەمیان: کە تێپەڕبوونە: نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، کەچی دووەمیان: کە خەوتنە لە بەر دەستی نوێژکەردا: هیچ لە حوکمی نوێژەکە ناگۆڕێت، چ جای نوێژەکەی پێ ببڕێت، و بەتاڵی بکاتەوە! هەروەکو چۆن حەرام و قەدەغە کراوە پیاوان بە بەردەستی نوێژکەردا تێپەڕ ببن، کەچی دانیشتن لە پێش نوێژکەر بۆ ئەوەی بکرێن بە سوترە شتێکی ڕەوایە، بەمەش وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرا دەبێت .

شێخی پایە بەرزی ئیسلام (**ابن القيم**) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی: " فإنه صح عنه أنه يقطع صلاته؛ المرأة، والحمار، والكلب الأسود، وثبت ذلك عنه من رواية: أبي ذر، وأبي هريرة، وابن عباس، و عبدالله بن مغفل رضي الله عنهم، ومعارض هذه الأحاديث قسمان:

**صحيح غير صريح، وصريح غير صحيح**، فلا يترك العمل لمعارض هذا شأنه، وكان رسول الله ﷺ يصلي وعائشة (رضي الله عنها) نائمة في قبلته، وكأن ذلك ليس كالمار ؛ فإن الرجل محرم عليه المرور بين يدي المصلي، ولا يكره له أن يكون لابثا بين يديه، وهكذا المرأة، يقطع مرورها الصلاة دون لبثها، والله أعلم " [٥٦] .

واتە: ئەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگر و سەلمێنراوە کە نوێژ بە نوێژکەر دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە: ئافرەت، و گوێ درێژ، و سەگی ڕەشە، ئەوەش لە (أبي ذر و أبي هريرة و ابن عباس و عبدالله بن مغفل )ەوە رضي الله عنهم، جێگیر و سەلمێنراوە، ئەو فەرموودانەش کە پێچەوانەی ئەمانەن دوو کۆمەڵن:

کۆمەڵێکیان ( **صحيح** ) ە، بەڵام ڕاشکاو ( **صريح** ) نییە، کۆمەڵەکەی تریان ڕاشکاوە بەڵام ( **صحيح** ) نییە، بۆیە نابێت وازیان لێ بهێنین لەبەر

( ٥٦) زاد المعاد لابن القيم: ( ١/ ٣٠٦ ـ ٣٠٧ ) .

بەرهەڵست کارێك کە بەم شێوە بن، وە ئەو فەرموودەیەش کە تێیدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد، (**عائشة**)ەش(خوای لێ ڕازی بێت) لە قیبلەکەیدا خەوتبوو، بێ گومان ئەو کردارە وەکو تێپەڕبوو نییە، چونکە پیاوان بۆیان ڕەوا نییە و حەرامە لە سەریان کە بە پێش نوێژکەردا بڕۆن، کەچی نا پەسەند نییە بۆی لەبەر دەستی نوێژکەردا بمێنێتەوە، هەروەها ئافرەتیش بەهەمان شێوەیە، ئافرەتیش تێپەڕ بوونی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بە پێچەوانەی مانەوەی هیچ کاریگەریەکی نییە لە نوێژەکە، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

## سوترەی پێش نوێژ سوترەیە بۆ شوێنکەوتوانی:

( **عبدالله بن عباس** ) رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە ودەفەرمووێت: " أقبلت راكبا على حمار أتان، وأنا يومئذ قد ناهزت الاحتلام، ورسول الله ﷺ يصلي بالناس [وفي رواية لمسلم: في حجة الوداع] بمنى جدار، فمررت بين يدي بعض الصف، فنزلت وأرسلت الأتان ترتع، ودخلت في الصف، فلم ينكر ذلك علي أحد " (٥٧).

واتە: ڕۆژێکیان بە سواری گوێ درێژێکی مێیە هاتم، لەو ڕۆژەدا تەمەنم نزیکی بالغ بوون بوو، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بە خەڵك دەکرد، لە کاتی حەجی ماڵ ئاوایی بوو، لە مینادا، منیش بە پێش دەستی هەندێك لە ڕیزەکانی نوێژدا ڕۆیشتم، پاشان دابەزیم و گوێ درێژەکەم بەرەڵاکرد بۆ ئەوەی بلەوەڕێت، دوای ئەوە ڕۆیشتمە ڕیزێك لە ڕیزەکانی نوێژەوە، و دوای تەواو بوونی نوێژ کەس هیچ سەرزەنشتێکی نەکردم .

پێشەوا بوخاری کاتێك کە ئەم فەرموودەیە لە (**صحيح**) ەکەیدا دەهێنێتەوە دەڵێت: (باب: سترة الإمام سترة من خلفه)، واتە: بابەتی ئەوەی کە سوترەی پێش نوێژ سوترەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە دوایدا نوێژ دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پێشەوا بەڕێزە بۆچوونی ئەوە بووە کە سوترەی پێش نوێژ سوترەیە بۆ نوێژکەران بە دوایدا.

وە (**النووي**) فەرموویەتی:"وفي هذا الحديث ...وأن سترة الأمام سترة لمن خلفه"(٥٨).

واتە: وە لەم فەرموودەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ....، وە ئەوەش کە

---

(٥٧) صحيح البخاري (باب سترة الإمام سترة من خلفه) رقم: (٤٧١) وصحيح مسلم رقم: (٥٠٤) و (٥٠٥) .

(٥٨) شرح صحيح مسلم: (٤ / ٢٢٢) .

سـوترەی پـێش نوێـژ سـوترەیە بـۆ ئـەو کەسانەی کە بە دوایدا نوێژ دەکەن .

وە پرســـیار کـــرا لـــە ( **دەســـتەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوە زانستی یەکان و فەتوا** ): " هل إذا كانت الصفوف خلف الإمام أيمشى بين الصفوف وهل يكون ذلك المشي قطعا للصلاة أم لا ؟ " .

ئـەوانیش لـە وەڵامـدا فـەرموویان: " تێپـەڕبوون بـە نێـوان ڕیزەکـانی نوێـژدا، نابێتە هۆی بڕینی نوێژ، بەڵام پێویستە لە کاتی زەروورەت نەبێت وازی لێ بهێنرێـت، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە (**ابن عباس**) دەیگێڕێتـــەوە، و تیایـــدا دەفـــەرموێت: "أقبلت راكباً على أتان وأنـا يومئـذ قـد ناهزت الاحتلام، ورسول الله ﷺ يصـلي بالناس بمنى، فمررت بين يدي بعض الصف فـ لت فأرسلت الأتان ترتع، ودخلـت في الصف فلم ينكر ذلك أحـد " وە لـە بـەر ئەوەی کە ئـەو کـارە سـەقاڵی نوێژکـەران دەکات ... "[٥٩].

**ئەگەر پێش نوێژ سەلامی دایەوە لە نوێژەکەی ئایا ئەو کەسە چی دەکات کە نەگەیشتۆتە بڕێك لە نوێژەکەی، و سوترەیشی نەماوە؟**

ئاشکرایە دوای سەلام دانەوەی پـێش نوێژ، ئەو کەسەی کـە نەگەیشـتۆتە بڕێـك لە نوێژەکەی لە گەڵ پێش نوێژدا، ئەوا لە حـوکمی مـەئمومی دەبڕێـت، واتـە وەکـو کەسێك حیسابی بۆ دەکرێت کـە نوێـژ بـە تـەنها بکـات، ئـا لـەو کاتـەدا هـەوڵی ئـەوەدەدات سـوترەیەك بـۆ خـۆی دیـاری بکات، بە ڕۆیشتنە پێش بێت، یان پـاش، وە یان بە ڕۆیشتنە ئەم لاو ئەولا بێت .

پێشەوا ( **مالك** ) فەرموویەتی: " ولا بأس أن ينحاز الذي يقضي الصـلاة، بعـد سلام الإمام إلى ما قرب منه، من الأساطين بين يديه، وعن يمينه وعن يساره، وإلى خلفه، يقهقر قليلا، يستتر ا إذا كان ذلك قريبـا، وإن بعد أقام، ودرأ المار جهده "[٦٠] .

واتە: هیچی تێدا نی‌یە ئـەو کەسـەی کە هەندێك لە نوێژەکـەی ماوەتـەوە دوای سـەلام دانـەوەی پـێش نوێـژ خـۆی نزیـك کاتـەوە لـەو شـتەی کـە نزیکێتـی، وەك کۆڵەکەکانی مزگەوت، یان لە لای ڕاست و چەپ یەتی، یان هەنـدێك بڕواتـە دواوە، و بیانکات بە سـوترە ئەگـەر نزیـك بـوون لێ یـەوە، بـەڵام ئەگـەر دور بـوو، ئـەوا لـە شـوێنی خـۆی دەمێنێتـەوە، و بـە پـێی توانـای ڕێگـر دەبێـت لـەو کەسـانەی کـە دەیانەوێت بە پێشیدا تێپەڕ بن .

وە پێشـــــەوا (**ابـــن الرشـــد**) فەرموویـەتی: " إذا قام لقضاء ما فاته مـن

(٥٩) موسوعة فتاوى اللجنة والإمـامين الفتـوى رقـم: (٤٣٦٠).

( ٦٠) شرح الزرقاني على مختصر خليل: (١: ٢٠٨)، نقلا عن "القول المبين في أخطاء المصلين" ص: (٨٧ ) .

صلاته: فإن كانت بقربه سارية، سار إليها، وكانت سترة له في بقية صلاته، وإن لم تكن بقربه سارية، صلى كما هو، ودرأ من يمر بين يديه ما استطاع، ومن مر بين يديه فهو آثم ... "[٦١].

واتـــە: ئەگـــەر ئـــەو كەســـەی كـــە نەگەیشـتۆتە بڕێـك لـە نوێژەكـەی لەگـەڵ پێش نوێـژدا هەسـتایەوە بـۆ تـەواوكردنی ئەوەی كەماوەتەوە، و پـێی نەگەیشتووە لە نوێژەكەی، ئەگەر كۆڵەكەیەك لە نزیكی یەوە بوو، ئەوا دەڕواتە لای كۆڵەكەكـەوە و دەیكات بە سوترە لەو بەشەی كە ماوە لە نوێژەكەی، بەڵام ئەگـەر كۆڵەكەكـە لـە نزیكـی نـەبوو، ئـەوا هـەروەكو خـۆی لـەو جێگەیـــەی نوێژەكـــەی دەكـــات و تـــا دەتوانێت ڕێگر دەبێت لەو كەسـانەی كـە دەیانــەوێت بــە پێشــیدا تێپــەڕ بــبن، وە كەسـێكیش كـە بـە پێشـیدا تێپـەڕ ببێـت تاوانبار دەبێت .

**پاشكۆی فەرموودە ( ضعيف ) ەكان كە سەبارەت بە سوترە هاتوون :**

١ ـ عن ابن عباس قال: قال رسـول الله ﷺ: " إذا صلى أحدكم إلى غير سترة فإنه يقطــع صــلاته الكلـــب، والحمـــار، والـخنـزير، واليهودي، والـــمجوسي، والمرأة، ويجزئ عنه إذا مروا بين يديه علـى قذفة بحجر " [٦٢].

٢ ـ عن الفضل بن عباس قـال: " أتانـا رسول الله ﷺ، ونحن في بادية لنا، ومعـه عباس، فصلى في صحراء، ليس بـين يديـه سترة، وحمارة لنا وكلبة تعبثان بين يديه، فما بالى ذلك "[٦٣].

٣ ـ عن كثير بن كثير عن بعض أهلي عن جده أنه رأى النبي ﷺ مما يلي باب بني سهم والناس يمرون بين يديه وليس بينهما سـترة، قال سفيان: ليس بينه وبين الكعبة سـترة " [٦٤].

٤ ـ عن أبي هريرة قال: قـال رسـول الله ﷺ: " إذا صلى أحدكم، فليجعـل تلقـاء وجهه شيئا، فلينصب عصا، فإن لم يكن معه عصا، فليخط خطا، ثم من مر أمامه" [٦٥] .

٥ ـ " لا تقطع الصلاة شيء " [٦٦].

٦ ـ عن ابن عباس " أن النبي ﷺ: صـلى في فضاء، وليس بين يديه شيء " [٦٧].

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

( ٦١) فتاوى ابن الرشد: (٢ / ٩٠٤)، نقلا عن "القـول المبين في أخطاء المصلين" ص: (٨٧) .

(٦٢) ضعيف سنن أبي داود رقم: (٧٠٤) .

(٦٣) ضعيف سنن أبي داود رقم: (٧١٨) .

(٦٤) ضعيف سنن أبي داود رقم: (٢٠١٦) .

( ٦٥) ضعيف سنن ابن ماجه رقم: (٩٤٣) .

(٦٦) حـديث ضـعيف انظـر: " تـمام الـمنة " ص: (٣٠٦ ).

(٦٧) سلسلة الأحاديث الضعيفة رقم: (٥٨١٤) .